# شەونم

هۆنراوەی (79)

فاش می گویم و از گفته خود دلشادم

ئاشکرا پێتی دەڵێم و لە وتەم دلشادم
نۆکەری عیشقم و لێرەیش و لەوێش ئازادم
بولبولی باغی بەهەشتم چ بڵێم نەقڵی فیراق
لێرە بەو داوەوە بووم خوایە بپرسی دادم
من مەلەک بووم و سەرووی باغی بەهەشتم جێ بوو
بابەدەم هۆ بوو کە ئێستا لە خەراب ئابادم
هاودەمی حۆری و بن سێبەری توبا و سەرحەوز
بە هەوای دیتنی تۆ دەرچوو لەبیر و یادم
کەوکەبی بەختەوەریم نەیدی نجوومگەر خوایە
من لە دایک بە چ هاتێکی کرا ئیجادم
لەوەتی بوومە غولامی دەری مەیخانەی عیشق
سەیرە هەرتاوە خەمێ دێتە مبارەکبادم
بابخوا خوێنی دڵم گۆڕیە گلێنەی چاوم
بۆ بەدڵداری کچۆڵانی دەکرد ئیرشادم
لەوحی دڵ هەر ئەلفی قامەتی تۆی تێدایە
پیتی دیکەی بەدەرس پێ نەکوتم ئوستادم
بەزولف پاکەوە ئەسرینی لە گۆنەی حافز
نەکوو لافاوی هەڵستێت و بەرێ بونیادم

حافزی حەقیقی